**IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT**

Kurdistan-hawler

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**کوردستان ـ هەولێر**

ژمارە: ١٤٨٢
بەروار: ٢٦/٧/٢٠١٩
بەشی کارگێڕی لیژنەکان

**ژمارە:**

**بەروار : / /٢٠١٩**

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ پێشنیازە یاسا

سڵاو ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کەلەخوارەوە واژۆمان داواکارین پێشنیازەیاسا(ریکلامی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان) بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

**لەگەڵ ڕێز**

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١- | لقمان محمد حاجی محمودی | |
| ٢- | پێشەوا هەرستانا هەورامی | |
| ٣- | دەم بەرهان قانع | |
| ٤- | محسن حسێن ستەنا | |
| ٥- | جەلال محمد پەرێشان | |
| ٦- | مسلم عبدالله رسول | |
| ٧- | ئازاد أكرم بهرام | |
| ٨- | گۆران عمر علی | |
| ٩- | روباك احمد رحمان | |
| ١٠- | سعید ططی شترخان | |
| ١١- | فیصل عباس کوڵا | |

| | | |
|---|---|---|
| -١٢ | جوان يونس محمد | |
| -١٣ | ياسين خضر تەها | |
| -١٤ | حسين سعيد ابراهيم كوردى | |
| -١٥ | وەليد سەعيد وەليد | |
| -١٦ | سەلمە قادر تۆفيق | |
| -١٧ | هێرش حسن حمد | |
| -١٨ | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

# پێشنیازە یاسای ڕێکلامی بازرگانیی لە هەرێمی کوردستان

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە مادەی (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و لە سەر پێشنیازی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( ) ڕۆژی .... بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

## بەشی یەکەم

## بڕگە گشتییەکان

**مادەی (١):** مەبەستی ئەو دەستەواژە و زاراوانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ماناکانی لە بەرانبەریان نووسراوە:

یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم/ حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ وەزیر: وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوان-ی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

چوارەم/ وەزارەت: وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان-ی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پێنجەم/ حکومەتە خۆجێییەکان: یەکەی کارگێڕیی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عیراقە.

شەشەم/ ڕێکلامی بازرگانیی: چالاکییەکە، لە ڕێی بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی پەیوەندیکردنەوە، بە ئامانجی برەودان بە کاڵا، یان خزمەتگوزارییەك بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کڕینی، یان بەکارهێنانی.

حەوتەم/ داخوازیکاری ڕێکلام: کەسێك، یان لایەنێك کە داواکاری ڕێکلامە بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکانی.

هەشتەم/ بەرهەمهێنی ڕێکلام: کەسێك یان کۆمپانیایەکە، کە ڕێکلام بەرهەم دەهێنێت و بە پێی داوای خوازیاری ڕێکلام دەبێت بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی جەماوەریی.

نۆیەم/ بڵاوکەرەوەی ڕێکلام: کەسێك، یان لایەنێکە کە ڕێکلام بە شێوەیەکی جەماوەریی بڵاودەکاتەوە و بۆ ئەم بڵاوکردنەوەیەش، پەنادەباتە بەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، یان هۆیەکانی پەیوەندیکردن.

دەیەم/ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن: واتە تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان، بڵاوکراوە خولەکییە چاپکراوەکان.

یانزەیەم/ هۆیەکانی پەیوەندیکردن: واتا تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تەلەفۆن و ئەو پرۆگرامانەی پەیوەندیکردن، کە لەرێی مۆبایلەوە پەیوەندییەکە ئەنجامدەدرێت.

دوانزەیەم/ هۆیەکانی گواستنەوە: جۆرەکانی ئۆتۆمبێل و پاس و ماتۆڕ و پاسکیل و شەمەندەفەر و فڕۆکە دەگرێتەوە.

سیانزەیەم/ کاڵا: بەرهەمێکی پیشەسازیی، یان کشتوکاڵیی، یاخود گوێزەرەوە، یان مادەی سەرەتایی، یان هەر بەرهەمێك کە بکێشرێت، یان بپێورێت، ڕیکڵامی بۆ دەکرێت.

**مادەی (٢)/** مەودای بەکارهێنانی ئەم یاسایە :

ئەم یاسایە بۆ هەر ڕێکلامێکی بەرهەمهێنراو، ڕێکخراو، یان بڵاوکراوە لە هەرێمی کوردستان دا، بەکاردێت.

## بەشی دووەم

## پێداویستیی و ڕێگاپێنەدراوەکان

**مادەی (٣)/** پێداویستییە گشتییەکان بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕێکلام:

یەکەم/ دەبێت ڕێکلام ڕاستگۆیانە، قابیلی تێگەیشتن و ڕوون و ڕەوان بێت.

دووەم/ ئەو ریکلامە چاپکراوانەی پێویستیان بە مۆڵەت هەیە، دەبێ ناوی ئەو لایەنەی مۆڵەتی داوە و هەروەها ژمارەی مۆڵەتەکەشی لەگەڵدابێت.

سێیەم/ لەکاتی بەکارهێنانی زانیاریی ئاماریی و ئەنجامەکانی توێژینەوەدا، دەبێت سەرچاوە گونجاوەکان پەیوەست بکرێن.

چوارەم/ لە ریکلامی ئەو کاڵایەی قابیلی ئاگرگرتن، یان مەترسیدارە، دەبێت ئاماژە بە ئەم تایبەتمەندییەی کاڵاکە بکرێت.

**مادەی (٤)/** ئەم چالاکییانەی خوارەوە لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام دا، ریگاپێنەدراون:

یەکەم/ ریکلامی ئەو چالاکییانەی کە پێویستییان بە مۆڵەتە، بەڵام مۆڵەتیان وەرنەگرتوە.

دووەم/ ئەم یاسایە ناشێت بۆ هەر چەشنە ریکلامێکی سیاسیی، ئاینی، یان جێگای ئاینیی و هەر چەشنە هەواڵ، زانیاریی یان راگەیاندراوێك، جگە لەو چالاکییانەی پەیوەندییان بە بازرگانیی، یان بازارکردنەوە هەیە، بەکاربهێنرێت.

سێیەم/ ئەگەر ناکۆك بێت لە گەڵ پرەنسیپەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان.

سێیەم/ ریکلامی ئەو بەرهەمانەی بەپێی یاسا و رێنماییەکانی حکومەت قەدەغە و ریگاپێنەدراون بۆ بەرهەمهێنان، بازرگانیپێکردن، یان هاوردەکردنیان لە ریگای سنورەکانەوە.

چوارەم/ ئابرو، چاکە، و ناوبانگی پیشەیی تاك یان توێژێك پێشێلبکات، یان لە ریگای بەراوردی نادروستەوە لە نرخی بەرهەمەکانی خەڵکانی تر کەمبکاتەوە.

پێنجەم/ ریکلامی ئەو بەرهەمە نەسەلمێندراوانەی کە پێویستە رەچاوی پێوەرەکانی ستاندارد، جۆرێتیی، تەندروستیی بە گوێرەی یاسا و رێنماییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

شەشەم/ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کردەیەك، یان کۆمەڵێك کردە لە دژی یاسا و رێنماییەکانی هەرێم.

حەوتەم/ ریکلامی ئەو پرۆژانەی کاریگەریی خراپیان لەسەر ژینگە هەیە و ناکۆکن لە گەڵ یاسا و رێنماییەکانی ژینگەپاریزی لە هەرێم.

هەشتەم/ هاندەربێت بۆ توندوتیژیی و پۆرنۆگرافی (ئیستغلالی جنسی)، یان ببێتە هۆی مەترسیی دروستکردن بۆ سەر ژیان و تەندروستیی و ئاسایشی کۆمەڵگا.

نۆیەم/ بەکارهێنانی سیمبول و سروده نیشتمانیی و نەتەوەییەکانی کورد و ئایینەکانی کورد و کەسێتیە ئایینیەکان.

دەیەم/ یەکڕیزیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستانی تێکبدات.

یانزەیەم/ سوکایەتیی بە بەرهەمە هونەرییە مێژوویی و نەتەوەیی و کولتوورییەکانی هەرێم بکات.

دوانزەیەم/ دەستەواژەی نەشیاو و وێنەی وای تێدا بێت، یان توندوتیژ بێت، کە دژ بە بەهای کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و ئاینییەکانی هەرێم بێت.

سیانزەیەم/ پێشێلی یاساکانی تایبەت بە خاوەندارێتیی فکریی بکات.

چواردەیەم/ بانگەشە بۆ جیاکاریی رەگەزی (جێندەریی) بکات.

پانزەیەم/ بەرهەمی ناخۆیی بە خراپ و بێکەڵك ناوببات.

شانزەیەم/ ببێتە هۆی رەنجاندن و ئازاردانی دەروونیی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئەو کەسانەی توشی نەخۆشیی دەگمەن بوون.

حەڤدەیەم/ هەندێ دەستەواژەی وەك "سەد لەسەد گرەنتی"، "سەد لەسەد بەسود"، "بێ هاوتاترین" و هاوشێوەکانیان بەکارهێنرابێت.

هەژدەیەم/ ناوهێنانی ناوەند، یان دەزگایەکی زانستیی بۆ یەکلاکردنەوەی باشیی کاڵاکە، بەبێ ئەوەی لەلایەن سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە یەکلاکرابێتەوە.

نۆزدەیەم/ نوسین و وێنەی وای تێدابێت، کە ناوەڕۆکەکانیان ئاماژەبکات بە ئازاردانی ئاژەڵان.

بیستەم/ بە سوك تەماشاکردنی ئاینەکان و داب و نەریتەکانی نەتەوە و پێکهاتەکان و شێوەزارەکان لە هەرێم.

بیست و یەکەم/ ریکلامکردن بۆ ئەم کاڵایانەی خوارەوە رێگاپێنەدراوە:

١- مادەی هۆشبەر، یان ئەو مادانەی هەمان کاریگەریی مادەی هۆشبەریان هەیە.

٢- قومارو گرەو، تەرخانکردنی خەڵاتو ڕاکێشانی تیروپشك لە ریکلامەکاندا، تەنها لەو کاتانەی کە ڕێگاپێدراوە، بەشێوازێك هەلومەرجی سودمەندبوونی گشتیی لێیان، بەتەواوەتیی رون و ئاشکرا بێت و لە جێبەجێکردنیدا دڵنیایی تەواو بدرێ.

٣- پۆرنۆو کاری لەشفرۆشیی و نیشاندانی جەستەی ژن بە ڕووتیی و نیمچەڕووت بۆ مەبەستی سەرنجڕاکێشان و رەواج پەیداکردن.

٤-خواردنەوە کهولییەکان.

٥- چەکو تەقەمەنیی و یاری ئاگرین.

٦- توتن و جگەرە.

بیست و دووەم/ ریکڵامە قەدەغەکراوەکان لە بواری تەندروستیی دا:

١-ریکلامی دەرمانێك، کە لە لیستی تۆماری حکومەت دا، نەبێت.

٢- رێکلامی دەرمان، بە ناوە بازرگانییەکەیەوە.

٣-رێکلامی کارگەکانی بەهەمهێنانی دەرمان، کە مۆڵەتی حکومەت-یان نییە.

٤-رێکلام بۆ رێکخراوی تەندروستیی بێ مۆڵەت، پسپۆری رێگاپێنەدراو و شێوازی چارەسەرکردن، یان خزمەتگوزاریی نەچەسپاو و نەسەلمێندراو.

٥-رێکلام بۆ ئەو دەرمانانەی کاریگەریان لە سەر مێشك و دەروون هەیە و رەزامەندیی نوسراوی پزیشکی پسپۆری ئەو بوارەی بۆ وەرنەگیراوە.

٦-ئەو ریکلامانەی تایبەتن بە دەرمان و کەرەستەی پزیشکیی، ئەکتەری ریکلامەکان پزیشك، یان پسپۆری دەرمانسازیی نەبن.

بیست و سێیەم/ ڕێگاپێنەدراوەکان لە ریکڵامی منداڵان دا:

١-بێرێزیی بەرانبەر دایك وباوك و سەرپەرشتیارانی منداڵ.

٢-نیشاندانی ریکلام لە ماوەی بەرنامەی منداڵان دا، هەروەها لەماوەی پێنج خولەك پێش و پێنج خولەك دوای ماوەی منداڵان.

٣-پێشنیازکردن بەشێوەی راستەوخۆ، یان کاریگەریی دانان لە سەر منداڵ بۆ ئەوەی دایك و باوك، یان کەسانی تر رازیبکەن تا کاڵای رێکلام بۆکراویان، بۆ بەدەستبهێنن.

٤-سەرنجراكێشانی منداڵ، كە خاوەندارێتیی ئەم یان ئەو كاڵایە وایان لێدەكات لە منداڵی تر پێشكەوتوتر دەبن، یان بۆ ئەوەی نەبوونی ئەم كاڵایانە ئەوان لە ئاست منداڵی تر دوادەخات.

٥-بەكەم نیشاندان، یان بەزیاد نیشاندانی ئاستی زانیاریی، ئەزموون، كردەوەی پێویست بۆ منداڵ لەكاتی بەكارهێنانی كاڵایەك دا.

٦-بەكارهێنانی منداڵ لە ریكلامكردن دا بۆ كاڵا، یان خزمەتگوزاریەك، كە منداڵان بەكارهێنەر، یان كڕیاری نین.

٧-نیشاندانی منداڵان لە جێگایەكدا، كە لە گەڵ تەمەنی ئەواندا ناگونجێ.

بیست و چوارەم/ ڕێكلام بۆ بازرگانیكردن بەو ئاژەڵانەی دەگمەنن و مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە.

بیست و پێنجەم/ ڕێكلامكردن بۆ كڕین و فرۆشتنی ئەندامەكانی جەستەی ئاژەڵی كێویی، یان ڕەگی رووەكی نایاب، كە راوكردن و لێكردنەوەیان بۆ ماوەیەكی دیاریكراو بە پێی بڕیاری حكومەت، ڕێگای پێنادرێت.

مادەی (٥)/ پابەندكردنی كەناڵەكانی رگەیاندن، بە بڵاوكردنەوەی ریكلامی هۆشیاریی ژینگەیی، بەبێ بەرانبەر و نابێت لە دوو خولەكیش كەمتر بێت لەماوەی ٢٤ كاتژمێری شەو و رۆژێكدا.

## بەشی سێیەم

## پێداویستیی و ڕێگاپێدراو و مافەكان

**مادەی(٦)/** بڵاوكردنەوەی ڕێكلام لە سەر هۆیەكانی گواستنەوە:

یەكەم/ جگە لەو حاڵەتانەی لە یاسادا دیاریكراون، ڕێكلام لە سەر هۆیەكانی گواستنەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام دەبێت پێشتر پێكهاتن كرابێت لە گەڵ خاوەنی هۆی گواستنەوەكە، یان نوێنەری خاوەنی هۆی گواستنەوەكەدا.

دووەم/ حكومەتە خۆجێییەكان، پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییەكانی حكومەت و بەلەبەرچاوگرتنی هۆیەكانی سەلامەتیی هاتوچۆ، سەلامەتیی پێداویستیە ستانداردەكانی بڵاوكردنەوەی هۆیەكانی گواستنەوە فەراهەمدەكەن.

**مادەی (٧)/** ڕێکلام لە شوێنە گشتییەکان دا :

یەکەم/ بڵاوکردنەوە و دانانی ڕێکلام لە شوێنی گشتیی دا، لەسەر باڵەخانە نا حکومییەکان، لە شەقام و چوارڕییانە گەورەکان دا، بە دانانی پۆستەر لەسەر ستون (عامود) و گڵۆپی ڕووناککەرەوە و کەرستە نەگەڕۆکەکانی تر ڕێگای پێدەدرێت، بە مەرجی وەرگرتنی ڕەزامەندیی حکومەتە خۆجێیەکان.

دووەم/ حکومەتە خۆجێیەکان، پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت، دەبێت سەلامەتیی پێداویستییە ستانداردەکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام لە شوێنە گشتیەکاندا دەستنیشان بکەن.

سێیەم/ نابێت ڕێکلامی شوێنە گشتییەکان، لە گەڵ نیشانەکانی هاتوچۆدا هاوشێوەبن و ببنە بەربەست بۆیان و زیان بە سەلامەتیی هاتوچۆ بگەیەنن.

چوارەم/ ریکلام لەم شوێنانەدا قەدەغەیە:

١-مزگەوت و کەنیسە و پەرستگا و شوێنەوارە دێرینەکان و دیواربەندەکانیان.

٢-دامودەزگاکانی دەوڵەت و ئەو جێگا و بینایانەی موڵکی دەوڵەتن.

٣- مۆنۆمێنت و باخچە گشتییەکان و دیواربەندەکانیان.

٤- هەر جێگەیەکی دیکە، کە حکومەتە خۆجێیەکان دیاریدەکەن.

پێنجەم/ حکومەتە خۆجێیەکان، پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییەکان، دەتوانن ٢٠% لە داهاتی بە دەستهاتوو لە دانانی ڕێکلام لە شوێنە گشتییەکان دا، بۆ مەبەستی باشترکردنی ڕێگاوبانەکان بەکاربهێنن.

شەشەم/ حکومەتە خۆجێیەکان بۆ لابردنی ڕێکلامی هەڵمەتی هەڵبژاردن، دەسەڵاتی دیاریکردنی سزای لانەبردنی ریکلام لە شوێنە گشتییەکان دا، دوای تەواوبونی وادەی یاسایی دیاریکراو، هەیە.

حەوتەم/ مەرجەکانی ڕێگاپێدان بۆ هەڵواسینی ریکلام لە شوێنە گشتیەکان دا:

١-ماوەی مۆڵەتی دانانی ریکلام تەنها دوو ساڵ دەبێ و قابیلی نوێکردنەوەیە و دەبێ داواکار مانگێك پێش کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەی، داوای نوێکردنەوەی بکات.

٢-ماوەی مۆڵەتی ریکلامە کاتییەکان، بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتە خۆجێیەکان دەبێت.

٣-نابێت لەکاتی رۆژدا، رادەی تیشکی روناکیی سەر شاشەکانی ریکلامی ئەلکترۆنیی سەر شەقامەکان، لە ٥٠٠٠ لۆکس (لومنز/ م٢) تێپەڕێت و لە شەوانیشدا نابێت لە ٢٠٠٠ لۆکس (لومنز/ م٢) زیاتر بێت.

**مادەی (٨)/** بڵاوکردنەوەی رێکلام لە رێگای تەلەفۆن و تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە:

یەکەم/ پاش راگەیاندنی ئەو زانیارییەی پشکدار داوایدەکات، دەبێت رێکلام لە رێی خزمەتگوزاریی تەلەفۆنیی و تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە پێشکەش بکرێت.

دووەم/ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ریکلام، بۆ داخوازیکاری ریکلام دەستەبەرە، بە مەرجێك لە بەرانبەر رێکلامەکەدا، برێك پارە، کە هەردولا لەسەری رێکدەکەون و بەپێی یاسا دیاریکراوە، بداتە کۆمپانیاکانی تەلەفۆن، یان تۆڕەکانی پەیوەندیکردن.

سێیەم/ ئەگەر داخوازیکاری ریکلام، مەرجە یاساییەکانی ریکلامی جێبەجێکرد و لایەنی بەرانبەر ئامادەنەبو ریکلامەکەی بۆ بلاوبکاتەوە، بۆی هەیە سکالای یاسایی لەدژی تۆماربکات و داوای قەرەبوبکات.

**مادەی (٩)/** بڵاوکردنەوەی رێکلام لە رێگای رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە:

یەکەم/ رێکلامکردن وەك ناوبڕ لە نێو فیلم، دۆکیمێنتەریی، یان شانۆی رادیۆیی، پێویستی بە مۆڵەتی دانەری ئەو بەرهەمانەیە، یان هەڵگری مافی کۆپی رایتە.

دووەم/ لە ماوەی پەخشی بەرنامەکانی منداڵان دا، دەبێت تەنها ئەو ریکلامانە بڵاوبکرێنەوە کە بۆ منداڵانن.

سێیەم/ لەماوەی پەخشی بەرنامەی پەروەردەیی دا، دەبێت تەنها رێکلامی پەیوەندیدار بە پەروەردە، بڵاو بکرێتەوە.

**مادەی (١٠)/** بڵاوکردنەوەی رێکلام لە رێگای ئینتەرنێتەوە:

یەکەم/ بڵاوکەرەوەی رێکلام، رێگای پێنادرێت رێکلامی خۆی، یان هەرکەس و دامەزراوەیەکی دیکە لە گۆشەیەکی ماڵپەڕەکەی دا دابنێت، ئەگەر پێشتر مۆڵەتی ریکلام لەو جێگایەدا، بە کەس و لایەنی تر درابێت.

دووەم/ هەمو ئەو مەرج و پێداویستییانەی لە بڵاوکردنەوەی ریکلام دا، کە لە مادەکانی "٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩"ی ئەم یاسایەدا هاتون، لە بڵاوکردنەوەی ریکلام دا لە ئینتەرنێت، جێبەجێدەکرێن.

## بەشی چوارەم

## ماف و رێکخستن و سزاکان

**مادەی (١١)/** مافەکان:

یەکەم/ سپۆنسەر بۆی هەیە بەرێکەوتن لە گەڵ خاوەن، یان کەسی یەکەمی کەناڵەکانی راگەیاندن، بڕیار لەسەر دەستنیشانکردنی وادە و شوێنی ریکلامەکە بدات.

دووەم/ بەرهەمهێنەر و بڵاوکەرەوەی رێکلام، مافی ئەوەیان هەیە داوا لە پشکداری رێکلام بکەن بەڵگەی متمانەپێکراوی زانیارییەکانی و هەروەها مۆڵەتی کاڵای رێکلام بۆ کراو رادەست بکات.

سێیەم/ ئەو کەسەی زانیاریی دەربارەی بەرهەمهێنەر و بڵاوکەرەوەی رێکلام بەدەستهێناوە، پێویستە نهێنییەکانی ئەو لایەنانە بپارێزێت.

چوارەم/ کەناڵەکانی راگەیاندن مافیان هەیە سودمەندبن لە ریکلامەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و دەبێت مافی چونییەکیان لە بڵاوکردنەوەدا بۆ زامن بکرێت.

پێنجەم/ لە حاڵەتی نیشاندانی تاك، ناوەکەی، ناوبانگی، ژیانی، سامانی، کاری هونەریی، یان گێرانەوەی قسە و گوتەکانی یاخود بەکارهێنانی شێوازەکانی تری نیشاندان لە رێکلامدا، پێویستە پێش بەرهەمهێنانی رێکلامەکە، مۆڵەتی ئەو کەسە، یان میراتگرانی بەدەست هاتبێت.

شەشەم/ ئەگەر بەرهێنەر، یان بڵاوکەرەوە، یاخود داخوازیکاری ریکلام، بە بڕیار، یان هەڵسەنگاندنی وەزارەت رازیینەبن، بۆیان هەیە سکاڵا لەدژی وەزارەت تۆمار بکەن.

**مادەی (١٢)/** رێکخستن:

یەکەم/ بۆ ڕێکخستنی ریکلام، بەڕێوەبەرایەتییەك لەناو وەزارەت دا، بەناوی "بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریکردنی ریکلام" دروستدەکرێت.

دووەم/ بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریکردنی ریکلام، ئەم ئەرکانەی دەبێت:

١- چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، پاڵپشت بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

٢- گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێریی لە حاڵەتی پێشێلکردنی ئەم یاسایەدا.

٣-بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەرگری دەکات لە ماف و بەرژەوەندیی بەرهەمهێنی ریکلام، داخوازیکاری ریکلام، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و وەرگر لە بڵاوکردنەوەی ڕێکلام دا.

٤- ڕاگرتنی بڵاوکردنەوەی ڕێکلامێك کە پێشێلکاری یاسایی تێدایە .

٥-تۆمارکردنی سەرپێچییەکان و کۆکردنەوەی بەڵگە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ وەزارەت.

**مادەی (١٣)/** سزاکان:

یەکەم/ ئەگەر ریکلامێك بڵاوکرایەوە پێچەوانەی بڕگەکانی ئەم یاسایە بوو، ئەوا داخوازیکاری ریکلام، بەرهەمهێنی ریکلام و بڵاوکەرەوەی ریکلام، سزادەدرێن بە غەرامەکردن بەبڕێك، کە لە (٥) پێنج ملیۆن دینار کەمتر و لە (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

دووەم/ لەحاڵەتی دوبارەبونەوەی پێشێلکارییەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم مادەیەدا، سزاکە دوهێندە زیاددەکرێت و "بەرهەمێنی ریکلام" بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ مۆڵەتەکەی هەڵدەپەسێردرێت.

سێیەم/ هەرکەسێك بە مەبەست هەڵسێت بە لێکردنەوە، یان دڕاندن، یاخود شێواندنی ریکلامێکی ڕێگاپێدراو، سزادەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك، کە لە (٦) شەش مانگ زیاتر نەبێت، هەروەها قەرەبوکردنەوەی کەسی زیانلێکەوتو، کە لە دوو ملیۆن دینار کەمتر و (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت .

چوارەم/ دوای ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامێك لەلایەن وەزارەتەوە، بەهۆی تۆمارکردنی سکاڵا لە دژیان لەلایەن داواکاری گشتی، یان هەر کەسو لایەنێکی دیکە، پێویستە ڕاستەوخۆ ڕیکلامەکە، تا دەرکەوتنی ئەنجامی کۆتایی سکاڵاکە، لە پەخشکردنو بڵاوکردنەوە بوەستێنرێت، بەپێچەوانەوە دووبارەو چەندبارە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکە، دوای بەرزکردنەوەی سکاڵا، ئەگەر پێشێلکارییەکەی لەسەر ساغ بووەوە، لایەنی

بڵاوکەرەوەی ریکلامەکە، سزادەدرێت بە غەرامەکردن، کە لە (١٥) پانزە ملیۆن دینار کەمتر و (٥٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت .

پێنجەم/ ئەگەر کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام پێچەوانەی ئەم یاسایە کاریان کرد، ئەوا:

١- وەزارەت بە نوسراوی فەرمیی ئاگاداریاندەکاتەوە.

٢- ئەگەر دوای ئاگادارکردنەوەکە هەر بەردەوام بوو، غەرامەدەکرێت بە بڕێك کە لە (١٠) دە ملیۆن دینار کەمتر و (٥٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٣- ئەگەر هەر بەردەوام بوو، مۆڵەتی کۆمپانیاکەی لێوەردەگیرێتەوە.

**مادەی (١٤)/** پێویستە لەسەر وەزارەت، رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**مادەی (١٥)/** دوای بڵاوبونەوەی ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمیی "وەقائیعی کوردستان"دا، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە:

لەبەر گرنگی ریکلام بۆ خزمەتکردنی بەکاربەرو گەشەپێدانی ئابوریی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بە هاوڵاتیان و دروستکردنی کێبڕکێی دروست بۆ بە بازاڕکردن و هەروەها کەمکردنەوەی لایەنە خراپ و زیانبەخشەکانی ریکلام، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.